کەمپانیای ئارامکۆی سعودی بەنیازە وەبەرهێنان لە عێراق بکات لە بواری نەوت و گاز

وەزارەتی نەوتی عێراق: کەمپانیای ئارامکۆی سعودی بەنیازە وەبەرهێنان لە عێراق بکات.

لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕۆژی شەممە خواستی کەمپانیای ئارامکۆی سعودی پشتڕاستکردەوە بە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گاز لە عێراق و ئاماژەی بۆدا کە چاوەڕێی دەستپێکردنی خولی شەشەمی مۆڵەتپێدان دەکات.

عەلی مەشکور ئەندامی لیژنەکە لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ئاژانسی "موتەعـ"ـی " ڕایگەیاند: "کەمپانیای سعودی ئارامکۆ مەیلی ئۆپی هەیە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت لە عێراق بکات، هەرچەندە مۆڵەتی وەبەرهێنانی لە خولی پێنجەمی مۆڵەتدا وەرنەگرتووە، بەڵام چاوەڕێی دەستپێکردنی خولی شەشەم دەکات بە بەدەستهێنانی دەرفەتی وەبەرهێنان"، عەلی مەشکور وتیشی: "ئارامکۆ زیاتر لە کەمپانیایەکی سعودی بوون بە کەمپانیایەکی جیهانی و پێشوازی لە هەر کەمپانیایەک دەکەین کە بگوڕێی مەرج و ستانداردەکانی عێراق کار بکات بە پڕۆپێدانی کەرتی نەوت و گاز".

جێی ئاماژەیە وەزیری نەوتی سعودی، حەیان عەبدولغەنی لە مانگی پێنجی ساڵی ڕابردوودا هەکەکۆتنی لەسەر بەشداریکردنی کەمپانیای ئارامکۆی سعودی ڕاگەیاند لە پڕۆپێدانی کێڵگەی گازی عەکاز لە پارێزگای ئەنبار لە ڕۆژئاوای عێراق.